# ئاوازەكانی گژو گیا



**هۆشەنگ شێخ محەمەد**

2008/3/5

**رۆیشتن بەناو گوڵە هێرۆكاندا**

**وەك ئەوەی تازە لەدایك بم**

**هەست دەكەم.**

*** * * * ***

**نووستن لەبەر تریفەدا**

**تەعمیدكردنی هەستەكانمە**

*** * * * ***

**رۆیشتن بەناو تریفەدا،**

**پیاسەكردن بەناو گوڵە هێرۆكاندا**

**لە دایكبوونەوەیەكی نەرمە لەگەڵ گیادا**

* * * * *

تنۆك تنۆك: بمخۆوه

دڵۆپ دڵۆپ: بمبارێنه

مەستم كه به بۆنی لاسكەكانت ئەی نیسانۆك

* * * * *

گەڕان لەناو مژدا

سوڕانەوه لەبەر هەتاودا

ئەمكاتەوه به خۆم، له رۆژمێری گژوگیادا

* * * * *

ئەو بایه ماچ ئەكەم

كه لەسەر برژانگی

گوڵه گەنمێكدا سەما ئەكات

* * * * *

ئەبارمه سەر ئەو هەنارەی له

چاوەڕوانی بۆنی سێودا قەڵشەكانی پڕ ئەكا

له كانی شەڕاب.

* * * * *

نوێژی مەحەبەت بۆ ئەو بارانەی

بۆ سەفەری شەنگەبییەك

پەنجەرەكانی ئاسمان ئەشكێنێ.

* * * * *

رۆژوێك بۆ ئەو شەیتانەی

بۆ پیاسەی گژوگیای توله رێیەك

به توڕەیی لە دەرگاکانی خوا ئەدات.

* * * * *

سلاو ئەی گوڵەباغ

بۆ ئەو شکۆفانەی رۆژانە بۆ با

لە مەمکەکانتەوە ئەکەیتەوە.

* * * * *

من و کانی و هەتاو و پشیلە و مۆسیقا

هەمووومان دەممان ناوە بە مەمکی گیا

* * * * *

هەمووومان من و تریفە و کانی و خەزان

گوێمان داوە بە سەنتوری پایزی گیا

* * * * *

هەمووومان، من و پایز و کانی و مانگ

چاومان داوە بە گلێنەی کەسکی رووناکی گیا

* * * * *

هەمووومان من و رووناکی و کانی و پایز

دڵمان داوە بە چپەی نەرمی رۆیشتنی گیا لەناو بادا

* * * * *

من و رووبار و رووناکی و زستان

روحمان داوە بە سەمای گیا لە ناو بەفردا

* * * * *

من و هەموو شتێک

لەگەڵ کوریکەیەکدا لە ژوانی جوانین

* * * * *

من و بڕکە گیاکان

چیرۆک بۆ دارستان دەگێڕینەوە

* * * * *

"خاڵخاڵۆکەیەک بە مێروویەک دەڵێت"

ڕۆیشتنی من و تۆ لەناو ئەم عەشقەدا

هەموو شتێکمان لێ دەستێنێتەوە تەنیا

ئاوازەکانی گیا نەبێت:

* * * * *

لەناو ئەم عەشقەدا تەنیا پێویستیمان بە ئاوازە

* * * * *

هەر ڕۆژەی ئاوازێکم بۆ بچڕە

هەر ڕۆژەی ئاوازێکت بۆ دەدزم:

لە گوڵ، لە سنۆبەر،لە کۆتر و لە گیا

* * * * *

هێور هێور بباره سەرم

با تریفەکانم تەڕ نەبن

ئەی گوڵە هێرۆ.

* * * * *

تنۆک تنۆک بمخۆوە ئەی تریفە

با پەڕە هێرۆکانم نەگەچڵێن.

* * * * *

بەدیققەت تەماشای چاوی ئەو چۆلەکەیە کە

سواندەی باخێك ئەبینیت.

* * * * *

بە وردی تەماشای دڵی منیش کە

سەفای شعر لە لەرینەوەی گیایەکدا ئەبینی.

* * * * *

زۆر بە خێراش تەماشای روحم کە

وێنەی خوایەکی کوژراو و جیهانێك لە گیا بە پێوە ئەبینی.

* * * * *

تەماشام کە، ئەوەندە روونم

مێژووی سەدان ساڵەی دار چنارێك لە داوە گیایەکدا ببینە

* * * * *

تۆش وەك شەنگەبی بەر باران

جواناوی هەقیقەتێك ئەرژێنیە سەر گیا

* * * * *

تۆش وەك هەور

بەپەلەیت بگەیتە قەدی ئەرخەوانێك و

خۆت بگۆڕییە سەر باران تا بەربییەوە ناو گلێنەی سێپەڕەیەکدا

* * * * *

تۆش وەك سنۆبەر بەپەلەیت شەو دابێت و جلی تاریکی بکەیتە بەرو

بڕژێیتە ناو چەپکە گیایەك

* * * * *

تۆش وەك گیا

وا شەق دەبەی بۆ رێبوارێك مەمكەكانت بگرێت

* * * * *

تۆش

عاشقانه بەناو گژوگیای شعردا وەردەبیت.



منیش وەك شعر بەناو گژوگیای تۆدا وەردەبم!